# ڕاپەڕینە پرۆلیتاریە شاردراوەکان

بیست ساڵ لە خەباتی کرێکارانی پۆڵۆنیا دژی سەرمایەداری دەوڵەت: ١٩٧٠-١٩٨٩

لە ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٧٦ دا، قەیرانێکی قووڵی جیهانی، بە توندی ئابووری پۆلۆنیا ڕادەوەشێنێت. هەر لەناکاوێکدا، نرخی پێداویستیە گرنگەکانی ژیان، بە ڕێژەی ٣٠٪ دەچێتە سەرەوە. بۆیە هەر ڕاستەوخۆ، کرێکاران لە شەقامەکاندا، لەگەڵ پۆلیس و تانکەکانی دەسەڵاتدا دەستەویەخە دەبنەوە (بڕواننە فلیمەکان). وە ئیتر هەتا سەرەتای هەشتاکان، پێکا هەڵپژانی چینایەتی ناوبەناوو ڕاوودوونانی فراوان و گرتن و تۆقاندن و پاشەکشەی جاربەجاری خەباتگێران، هەر بەردەوام دەبێت.

ساڵی ١٩٨٠، سەرلەنوێ ئابووری پۆلۆنیا، داچوونێکی نوێ بەخۆیەوە دەبینێت، داچوونێک کە بازاڕی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلییش (سەرمایەداریی دەوڵەت)، هەروەک بازاڕی ئازاد، لەبەردەمیدا شکست دەخوات و چارەسەرێکی بە دەستەوە نامێنێت هەژارترخستنی هەژاران نەبێت. بۆیە ڕاستەوخۆ، مانگرتنی کارگەکان هەموو وولات دەگرێتەوە. بەڵام ئەمجارە، خۆڕێکخستن لە ڕێکخراوو کۆمەڵە کرێکاریەکاندا و هەڵبژاردنی لیژنەی ڕێکخستنی مانگرتنەکان، یەکەمین هەنگاوی خەباتی کرێکاران دەبێت.

لە ١٥ ئۆگستی ١٩٨٠ دا، کرێکارانی (کارگەی لینین بۆ دروستکردنی کەشتی)، دەست بە مانگرتن دەکەن. لە گدینیا کرێکاران، هەموو ناوچەکە داگیر دەکەن، وە هەر خۆشیان بریار لەسەر بەرزکردنەوەی مووچە دەدەن. وە هەر ڕاستەوخۆیش لەوێ و لە گدانسک، دەست دەکەن بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەن و ئیدارە ناوخۆییەکان لە کارگەکاندا. وە هەتا ١٨ ی ئۆگۆستی ١٩٨٠، مانگرتن ٢٥٠ کارگە دەگرێتەوە لە ناوچەی گدانسکدا. لە وارشۆو بۆزنان، ٣٠ کارگە، مانگرتن ڕادەگەیەنن. بۆیە تەنها ڕێگایەک کە دەسەڵات پەنای بۆ ببات، هەوڵدان دەبێت بۆ لەتوپەت کردنی بزووتنەوەکە، کە ئەمە لە هەموو شوێنێک، عادەتی هەمیشەیی دەسەڵات خۆیەتی. بۆیە لە ڕۆژی ٢٩ ی ئۆگۆستی ١٩٨٠ دا، نوێنەری دەسەڵات و نەقابەی ڕەسمی پێکەوە، دەکەونە گفتوگۆ لەگەڵ کرێکاران و ئاگاداریان دەکەن کە کرێکاران بۆیان هەیە نەقابەی خۆیان دابمەزرێنن.

کرێکارانی گدانسک کە هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە مەشق کردنێکی بەردەوامی خەبات و تێکۆشاندا دەبن، برەو بە بزووتنەوەی ئەنجوومە کارگەریە شۆڕشگێریەکان دەدەن. بەڵام کرێکارانی وارشۆ، بە خێرایی دەکەونە ئەو تەڵەیەی دەوڵەتەوەو سەندیکای خۆیان ڕادەگەیەنن. وە ئیتر دوو ئاراستەی نەقابی و مەجالسی لە بزووتنەوەکەدا سەرهەڵدەدات. نەقابەیش هەروەک عادەتی خۆی، دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵات. وە ئیتر هەر لەوێوە، ئەو نەقابەیە، دەکەوێتە بانگەواز لە نێو کرێکاراندا بۆ پاراستنی ئابووری نیشتمانی.

بەپێچەوانەوە، کرێکارانی گدانسک، دروشمەکانیان بەرزدەکەنەوە بۆ ئاستی داخوازیە کۆمۆنیەکان: هەڵوەشاندنەوەی پۆلیس و سوپای هەمیشەیی و دامودەزگای ئاسایش و ئیدارەی بیرۆکراسی و ئیمتیازاتی حیزبی. هەر لەو مەترسیەوە، دەوڵەتی سۆڤێتی و هێزەکانی پەیمانی وارشۆ، دەکەونە هەڕەشەو چاوترساندنی کرێکاران. وەڵامی کرێکاران بە دەوڵەتی سۆڤێتی، ڕاگرتنی هەموو ئەو

شەمەندەفەرانە دەبێت کە بارهەڵگری کاڵاکانی پۆلۆنیا دەبن بەرەو ڕوسیا، وە بڕیاری هاوردەو هەناردەیش دەخەنە ژێر دەستی خۆیان.

جگە لە سەندیکا، کڵێسا بە پاپاوە، ئەمریکا بەسەرۆکەوە، دەگەنە پۆلۆنیا بۆ یارمەتی دەوڵەتی پۆلۆنی، ئەمە ئەگەرچی بەردەوام دەسەڵات دەقیژێنێ بە گوێی جیهاندا کە گوایە ڕاپەڕینخوازان، سەر بە ئەمریکان. وە ئیتر بە هەموو ئەم لایەنانەیش، لیغ ڤالیسا دەهێننە پێشەوەو دەیکەنە ڕەمزی ئاشتی و خەڵاتی نۆبڵی پێدەبەخشن و دواییش ئەو ئاشتی پەروەرە، دژی کرێکاران، دەکەنە سەرۆکیووڵات.

دوای سەرکەوتنی سەندیکا لە مەرامەکانیدا، ئیتر ئەو سەندیکایە بە شێنەیی، دەکەوێتە بانگەشە بۆ بازاڕی ئازادو بازرگانی ئازادو بەتایبەتکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکان، وە بە ئاشکرایش داوا لە کرێکاران دەکات ڕۆژانی شەممە بەخۆڕایی کار بکەن بۆ دەوڵەت. وە ئیتر هەر لەوێوە، پرۆسەی بەتایبەتکردن، هەموو (ئۆردوگای سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی، سەرمایەداریی دەوڵەت) دەگرێتەوە، لە مۆسکۆوە تا بەرلینی خۆرهەڵات.

کورتەی دەرس و تاقیکردنەوەکان:

- کرێکارانی پۆلۆنیا، هەروەک کرێکارانی هەنگاریای ١٩٥٦، بە جیهانیان ڕاگەیاند، ئەوان لەژێر ڕەحمەتی سوپاو پۆلیس و تانکەکانی سەرمایەداریەکی مۆنۆپۆلیدا ژیان دەگوزەرێنن نەک سۆشیالیزم.

- ئامانجی پرۆلیتاریا ئامانجێکی سەندیکایی نیە، ئیتر با بەشێکیش لە (ئەنارکیستەکان) یان (کۆمۆنیستەکان)، بەو خەیاڵەوە بژین.

- ئامانجی ڤالیساو هاوڕێ نەقابیەکانی، هیچ نەبوو ساڕێژ کردنی جومگە شکاوەکانی دەوڵەت نەبێت. وە هیچیان نەکرد، تێکوپێک شکاندنی خەباتی مەجالسی و گۆڕینی (بزووتنەوەی سۆڵیداریتی) نەبێت بە هاریکاری لەگەڵ دەوڵەت.

- ئەو پرۆلیتاریەی ڕووبەڕووی (سەرمایەداریەکی مۆمۆپۆلی) بووەوە، مەشقێکی تەواوی نەبوو لە خەباتدا لەسەر ئاستی گدانسک نەبێت، بۆیە سەندیکا توانی زەفەری پێ ببات و ڕێ لە برەوی بزووتنەوە مەجالیسیەکەی بگرێت لە نێو ئۆردوگای سەر بە سۆڤیەتدا.

- خەباتی ٣٠ساڵی پرۆلیتاریا لە پۆلۆنیادا، هەروەک خەباتی کرێکارانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (١٩٥٣)، هەنگاریا (١٩٥٦)، چیکسلۆفاکیا (١٩٦٨)، پەردەی لەڕووی (سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی) هەڵدایەوەو زەمینەی هەرەسی یەکجارەکی ئەو ئۆردوگایەیشی سازاند کە ووشەی سۆشیالیزمی تیا بەکاردەهێنرا بۆ داپۆشینی دەموچاوە ترسناکەکەی سەرمایەداریی دەوڵەت.

- پرۆلیتاریا سەلماندی، بەرهەمهێنانێکی نەخشەبۆکێشراو، تەنها لە ژیانێکی هەرەوەزکاریدا دەبێتە واقیع نەک لە سێبەری سەرمایەداریەکی مۆنۆپۆلیدا.

- هیچ مۆدێل و پێشنیارێکی ئابووریزانانی ئابووری سیاسی، چارەسەری نەخۆشیەکانی سەرمایەداری و دەوڵەت ناکات بە سەرمایەداری دەوڵەتیشەوە، کە مێژوو سەلماندی هیچ نەبوو، هەوڵێک نەبێت بۆ چارەسەری قەیرانەکانی دەوڵەت و سیستمی ئابووری سەرمایە. تەنها چارەسەر، گۆڕینی شێوازی

بەرهەمهێنانی ڕکابەریی سەرمایەدارییە، بە شێوازی بەرهەمهێنانی سۆشیالیستی (شێوازی هەرەوەزکاری، کۆمۆنی).

ئەمانە دەرس و تاقیکردنەوەکانی ڕاپەڕینی پرۆلێتاریای پۆڵۆنیا بوو لە سەدەی بیستەمدا.

ئەنوەر نەجمەدین